سەرکی هەرێم و پلاسخارت پرسی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان تاوتوێ دەکەن

ئەمێ چوارشەمە ، نێچیرڤان بارزانی سەرکی هەرێمی کوردستان و جێنین پلاسخارت نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق، پرسی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیان تاوتوێ دکرد.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرکی هەرێم لە راگەیەنراوەکدا باویکردەوە: پاشنیوەڕۆی ئەمێ چوارشەمە، نێچیرڤان بارزانی سەرکی هەرێمی کوردستان، لە کۆبوونەوەیەکدا لەگڵ جێنین پلاسخارت نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، دۆخی سیاسیی عێراق و هەرێمی کوردستان و پرسی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیان تاوتوێ کرد.

ئاشکراشیکرد: هەردوولا هاوڕا بوون لەسەر پێویستی و گرنگیی ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان، هەروەها تیشکیان خستە سەر تێبینیی لایەنە سیاسییەکان و هاوڵی هەمەلایەنە بۆ لابردنی بەربەستەکانی بەردەم پرۆسەکە و دڵنیابوون لە بەشداریی هەموو لایەنەکان لە هەڵبژاردندا و لەمبارێوە بیروڕایان گۆڕیەوە.

هەر بە پێی راگەیەنراوەکە، کۆشکانی هەولێر ـ بەغدا و دوایین پێشهاتەکانی گفتوگۆی هەردوولا بە چارەسەرکردنیان، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.